لە بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

فەزڵ وگەورەیی

# زیكری خـوا

ئامادەكردنی

ماموٚستا عبيد محمد أمين

-----------------------------------------------------------------------

ماڵپەری بەهەشت
ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## **ماڵپەری بەهەشت**

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ [آل عمران : ١٠٢].

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾[النساء :١].

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾[الأحزاب : ٧٠ - ٧١].

أَمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ، وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ، وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ.

زیکری خوا عیبادەت وبەختەوەرییە بۆ دونیا وقیامەت وهۆکارێکە بۆ چوونە بەهەشت ورزگار بوون لە ئاگری دۆزەخ، زیکری خوا هۆکارێکە بۆ ئەوەی خوای پەروەردگار ناوت بهێنێ، زیکری خوا تەرازووی قیامەت قورس وسەنگین دەکات، زیکری خوا عیبادەتە ئەو عیبادەتە گەورەیەی کەوا چەندین بەڵگەی لە قورئان وسوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەرە بەڵام ئێمە بەهۆی لاوازی ئیمان

ودەورووبەرەوە بێبەش بووینە لـەو زیکـر وعیبادەتـە گەورەیـە، بەڕاسـتی ئێمـە زۆر بێئاگاین لە زیکری خـوای پـەروەردگار کـە هەنـدێك کـاتی کـەم نـەبێت بیرمـان ناکەوێتەوە، مەگەر لە دوای نوێژە فەرزەکان یـان هەنـدێك کـاتێکی تـر ئەگـەریش بیرمان بکەوێتەوە، زۆر ترسناکە ئەگەر مووسڵمان بەو شـێوازە بێـت زیکـری خـوای پەروەرگار نەکات، کەوا لە مەجلسـێك دادەنیشـین چـەندین سـەعات زیکـری خـوا ناکەین.

ئایەتێکی گەورە لـە قورئـانی پـیرۆزدا هەیـە ئێمـەی مووسـڵمان تـەنها ئـەو ئایەتەمان بەسە بۆ ئەوەی کەوا فەزڵ وگەورەیی زیکری خوا بزانین هەر وەکـو خـوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ﴾ [البقرة:١٥٢]، واتە: ئـەی بەنـدەکانم ئەگەر ئێوە زیکری من بکەن ومنتان لە بیربێت ئەوا منیش ئێوەم لە بیرە وباسی ئێوە دەکەم، موفەسیری قورئـان عەبـدوڵای کـوڕی عـەباس ـ خوایـان لێ ڕازی بێـت ـ دەفەرموویت: (ذكر الله إياكم أكبر من ذكركم إياه)، واتە: ئەگەر خـوای پـەروەردگار باسی ئێوە بکات وئێوەی لە بیربێت ئەوە گەورەترە لەوەی کـەوا ئێـوە زیکـری خـوای پەروەردگار بکات.

ئەگەر تەماشا بکەین خوای پەروەردگار باسی تۆ بکات وناوی تۆ بهێنێت ئـەوە گەورەترە لەوەی کە تۆ ناوی خوای پەروەردگار بهێنیـت، کەواتـە خـوای پـەروەردگار وەعدی داوە ﴿فَاذْكُرُونِي﴾ ئەگەر منتان لە بیربێت ویاد وزیکری من بکـەن ﴿أَذْكُرْكُمْ﴾ منیش یادی ئێوە دەکەم وئێوە لە بیرناکەم، چونکە کەسانێك هەیە خوای پـەروەردگار

لە ڕۆژی قیامەتدا لەبیریان دەکات هەر وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿فَالْيَوْمَ نَنْسَاهُمْ كَمَا نَسُوا لِقَاءَ يَوْمِهِمْ هَذَا﴾ [الأعراف: ٥١]، واتە: ئێوە لە دونیادا خوای پەروەردگارتان لە بیرکرد ئەمڕۆ ئێوەش لە بیر دەکرێن واتە ڕەحمتان پێ ناکرێت.

کەواتە زیکری خوای پەروەردگار ئەوەندە گرنگ وپێویستە هەر کاتێك ئێمە باسی بکەین ئەویش باسمان دەکات بەڵام چۆن باسکردنێك، ئەبو هورەیرە ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ دەفەرموویت: پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: «أَنَا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِي بِي وَأَنَا مَعَهُ إِذَا ذَكَرَنِي فَإِنْ ذَكَرَنِي فِي نَفْسِهِ ذَكَرْتُهُ فِي نَفْسِي وَإِنْ ذَكَرَنِي فِي مَلَإٍ ذَكَرْتُهُ فِي مَلَإٍ خَيْرٍ مِنْهُمْ»[١]، واتە: هەر کاتێك ناوی منی هێنا وزیکری منی کرد من لەگەڵی دام، جا کێ لە ئێمە پێی خۆشە خوای پەروەردگار لەسەروی عەرشەوە لەگەڵ بێت یا باسی خوا بکات وزیکری خوا بکات؟! زیکری خوا باس کردنی قورئان وسوونەتە چونکە قورئان گەورەترین زیکری خوایە، هەر چ کاتێك لە ناو کۆمەڵە کەسێك ووت خوای پەروەردگار وای فەرموو وپێغەمبەری خواﷺ وای فەرموو ئەوا زیکری خوایە، ئەگەر سبحان الله بکەین وقورئان بخوێنین ئەوا زیکری خوایە.

پاشان پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: خوای پەروەردگار فەرمووی: هەر کاتێك بەندەکەم باسی منی لە نەفسی خۆی کرد منیش باسی دەکەم لە نەفسی پیرۆزی

---

[١] - رواه البخاري.

خۆم، وئەگەر باسی منی لە ناو کۆمەڵێك کەسدا کـرد منـیش لـە نـاو کۆمـەڵێك کەسدا باسی دەکەم کە لەوان بەڕێزتر بێت کەوا باسی منیان کردووە لە ناویان واتـە لە ناو مەلائیکەتەکان باسی دەکات، واتە: هەر کەسێك ئامۆژگاری خەڵکی کرد جا لە هەر ڕێگەیەکەوە بێت بەووتار بێت یان لە تەلەفزیۆن بێت یان ئەگەر ئامۆژگاری تەنها کەسێکیش بکـات بلێـت خـوای پـەروەردگار ئـەوەی فـەرمووە وپێغەمبـەری خواﷺ فەرمانی ئەوەمان پێ دەکات.

هەروەها پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: «إِذَا أَحَبَّ اللَّهُ الْعَبْدَ نَـادَى جِبْرِيـلَ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ فُلَانًا فَأَحْبِبْهُ فَيُحِبُّهُ جِبْرِيـلُ فَيُنَـادِي جِبْرِيـلُ فِـي أَهْـلِ السَّمَاءِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ فُلَانًا فَأَحِبُّوهُ فَيُحِبُّهُ أَهْلُ السَّمَاءِ ثُمَّ يُوضَعُ لَهُ الْقَبُولُ فِي الْأَرْضِ»[١]، واتە: خوای پـەروەردگار هەرچـی بەندەیـەکی خۆشوویسـت بـانگی جبریـل دەکـات وپـێی دەفەرمووێت: ئەی جبریل من فلان بەندەم خۆشدەوێت تۆش خۆشـت بـوێ، جـبریلیش خۆشی دەوێت، پاشان جبریل لە ئاسمانەوە بانگەواز دەکات ودەفەرمووێت: ئەی ئەهلی ئاسمان خوای پەروەردگار فلاّن کەسی خۆشـدەوێت ئێـوەش خۆشـتان بوێـت، ئـەهلی ئاسمانیش خۆشیان دەوێت، پاشان ئەو کەسە لەلای ئەهلی زەوی خۆشەوویست دەبێت، کەواتە بەختەوەرییە کە خوای پەروەردگار بلێێت فـلاّن کەسـم خۆشـدەوێت ولـە نـاو مەلائیکەتەکان باسی بکات.

١ - رواه البخاري ومسلم.

كەواتە فەزڵێكی گەورەیە وپێویستە هەوڵ بدەین لەو كەسانە ببین كـەوا خـوای پەروەردگار خۆشیانی دەوێت وهەموو ئەهلی ئاسمان دەیناسن كـەوا چـەند كەسـێكی بەڕێزە ئەمەش فـەزڵی خـوای پـەروەردگارە بـۆ هـەر كەسـێك بیـەوێت هـەر وەكـو دەفەرمووێت: ﴿ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ﴾ [المائدة: ٥٤].

هەروەها پێغەمبەری خواﷺ دەفەرمووێت: « مَا عَمِلَ آدَمِيٌّ عَمَلا أَنْجَى مِـنَ الْعَذَابِ مِنْ ذِكْرِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ ، قِيلَ : وَلاَ الْجِهَادَ فِـي سَـبِيلِ اللهِ؟ قَـالَ : وَلاَ الْجِهَـادُ فِي سَبِيلِ اللهِ ، إِلَّاأَنْ تَضْرِبَ بِسَيْفِكَ حَتَّى يَنْقَطِعَ»[١] ، واتـە: هـیچ كردەوەیـەك نییـە كەوا ئادەمیزاد ئەنجامی بدات باشتر وچـاكتر ورزگـارتر بێـت بـۆی لـە سـزای خـوا ئەوەندەی زیكری خوا ، كەواتە زیكری خوا گەورەترین هۆكار ووەسـیلەیە بیگرینەبـەر بۆ ڕزگار بوون لە سزای خوا ، هاوەڵان ووتیان: ئەی جیهاد وتێكۆشان لە پێناوی خوای پەروەردگار باشتر نییـە بـۆ ڕزگـار بـوون لـە سـزای خـوا ئەوەنـدەی زیكـر كـردن، پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: جیهاد وتێكۆشانیش باشتر نییە لە زیكـری خـوا بـۆ ڕزگار بوون لە سزای خوا مەگەر كەسێك بچێت بۆ جیهـاد ولـەو جیهـادە تیابچـێت وشەهید بێت لە پێناوی خوای پەروەردگاردا بەگوێرەی ئەو كەسەی پاداشـتی دەست بكەوێت كە زیكری خوا دەكات.

[١] - رواه الطبراني في الصغير والأوسط، وقال الألباني حسن لغيره في صحيح الترغيب والترهيب.

## ووتنی (سُبْحَانَ اللَّهِ، و الْحَمْدُ لِلَّهِ، و لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، و اللَّهُ أَكْبَرُ)

ڕۆژێك پێغەمبەری خواﷺ بەلای دایكی هانی ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ تێپەڕ بوو، دایكی هانی فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خواﷺ من پیربووم وتوانام نەماوە زیكرێكم فێربكە كەوا بەدانیشتنەوە ئەنجامی بدەم، پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: « سَبِّحِي اللَّهَ مِائَةَ تَسْبِيحَةٍ فَإِنَّهَا تَعْدِلُ لَكِ مِائَةَ رَقَبَةٍ تُعْتِقِينَهَا مِنْ وَلَدِ إِسْمَاعِيلَ وَاحْمَدِي اللَّهَ مِائَةَ تَحْمِيدَةٍ تَعْدِلُ لَكِ مِائَةَ فَرَسٍ مُسْرَجَةٍ مُلْجَمَةٍ تَحْمِلِينَ عَلَيْهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَكَبِّرِي اللَّهَ مِائَةَ تَكْبِيرَةٍ فَإِنَّهَا تَعْدِلُ لَكِ مِائَةَ بَدَنَةٍ مُقَلَّدَةٍ مُتَقَبَّلَةٍ وَهَلِّلِي اللَّهَ مِائَةَ تَهْلِيلَةٍ تَمْلَأُ مَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ وَلَا يُرْفَعُ يَوْمَئِذٍ لِأَحَدٍ عَمَلٌ إِلَّا أَنْ يَأْتِيَ بِمِثْلِ مَا أَتَيْتِ بِهِ»[١]، واتە: سەد جار بڵێ (سُبْحَانَ اللَّهِ) واتە: پاك وپیرۆزی بۆ خوای پەروەردگار وەكو ئەوە وایە سەد كۆیلە وبەندە لە وەچەی پێغەمبەر ئیسماعیل ـ علیه الصلاة والسلام ـ ڕزگار بكات، پێغەمبەری خواﷺ لە فەرموودەیەكدا دەفەرمووێت: هەر كەسێك بەندەیەك ڕزگار بكات خوای پەروەردگار لە دۆزەخ ڕزگاری دەكات، پاشان پێغەمبەری خواﷺ فەرموو: سەد جار بڵێ (الْحَمْدُ لِلَّهِ) ئەوا خێر وپاداشتی وەكو ئەوە وایە كەوا سەد ئەسپ ئامادە بكەیت بۆ جیهاد وسەد موجاهیدی بخرێتە سەر كە لە پێناوی خوای پەروەردگار جیهاد بكەن ئەوەندە خێر وپاداشتت بۆ دەنووسرێت، وە سەد جار بڵێ (اللَّهُ أَكْبَرُ) خێر وپاداشتی وەكو ئەوە وایە كە سەد ووشتری قەڵەو وچاك بكەیت بەخێر وخوای پەروەردگاریش قەبوڵی

---

[١] - رواه أحمد، وابن ماجه، والطبراني في الكبير، وحسنه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب.

کردبێت، وە (لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) ئەوەی لە نێوان زەوی وئاسمان چەندێك بێت ئەوەندە خێر وپاداشتت بۆ دەنووریێت، واتە: ئەگەر پاداشتی ووتنی (لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) قەبارەی هەبێت نێوان زەوی وئاسمان پڕدەبێ بەخێر وپاداشت، وە لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ کەسێك نییە ئەوەندەی تۆ خێر وچاکەی هەبێت مەگەر کەسێك وەکو تۆی ووتبێت یان زیاتری کردبێت.

کەواتە سەد جار ووتنی (سُبْحَانَ اللَّهِ، و الْحَمْدُ لِلَّهِ، و لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، واللَّهُ أَكْبَرُ) خوای پەروەردگار خێر وپاداشتی ئەوەت بۆ دەنووسێت کەوا سەد بەندە وکۆیلە ڕزگار بکەیت، وخێر وپاداشتی ئەوەت بۆ دەنووسرێت کە سەد ئەسپ ئامادە بکەیت بۆ جیهاد ولە پێناوی خوای پەروەردگار جیهادی پێ بکرێت، وخێر وپاداشتی ئەوەت بۆ دەنووسرێت سەد ووشتر بکەیت بەخێر، وخێر وپاداشتی ئەوەت بۆ دەنووسرێت نێوان زەوی وئاسمان پڕ بکرێت بەخێر، وهیچ کەسێك نەبێت لەو ڕۆژەدا کردەوەکانی بەرزببێتەوە بۆ لای خوای پەروەردگار قورس وسەنگین بێت وەکو کردەوەکانی تۆ ئیللا مەگەر کەسێك وەکو تۆی ووتبێ یان زیاتری ووتبێت.

هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: «من قال: سبحان الله والحمد لله ولا إله إلا الله والله أكبر غرس الله بكل واحدة منهن شجرة في

الجنة»[١]، واتە: هەر کەسێك یەك جار بڵێت: « سبحان الله والحمد لله ولا إله إلا الله والله أكبر» خوای پەروەردگار یەك داری بۆ دەنێژێت لە بەهەشتدا.

بەڕاستی ئێمە زۆر بەکەمی زیکری خوا دەکەین هۆکارەکەشی ئەوەیە کەوا دڵمان ڕەق بووە وخۆمان زیکری خوا کەم دەکەین ئەو کەسانەش کە هاوڕێیەتیان دەکەین وەکو ئێمەن ونارۆین هاوڕێیەتی کەسانی بەتەقوا بکەین چونکە هاوڕێیەتی کەسانی بەتەقوا هەمیشە بەبینینیان خوامان بیردەخەنەوە هەر وەکو پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: «ألا أخبركم بخياركم؟". قالوا: بلى. قال: " الذين إذا رُؤوا ذكر الله»[٢]، واتە: ئایا هەواڵتان پێ بدەم باشتریینتان کەس لە ئێوە کێیە؟ هاوەڵانیش ووتیان: بەڵێ، پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: باشترین کەس ئەو کەسانەن هەر کە بینیتان خواتان بیردەکەوێتەوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کەوا ئەم کەسانە زۆر زیکری خوا دەکەن وتەقوای خوای دەکەن، خوای پەروەردگاریش ئەوەندە بەڕێزی کردوون لەسەر زەوی خۆشەویستی خستۆتە دڵی کەسانی تر.

ئیمامی ئەبو عوانە ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ دەفەرموێت: (رأيت محمد بن سيرين في السوق مما رآه إلا ذكر الله) واتە: موحەممەدی کوڕی سیرینم ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ بینی لە ناو بازاڕدا هەر کەسێك بیبینایە زیکری خوای دەکرد، چونکە کەسێك بوو زیکری خوای زۆر دەکرد وبەردەوام خوای لە بیربوو، بەڵام زۆر

---

[١] - السلسلة الصحيحة.

[٢] - صحيح الأدب المفرد.

بەداخەوە زۆرێك لە ئێمە كە دەبینرێین خەڵكی بیر لە پارە وسامان وماڵ وژن دەكەوێتەوە چونكە ئێمە هەر غەمی دونیاین وقیامەتمان لە بیركردووە.

هەر بۆیە هەر كەسێك زیكری خوا زۆر بكات وخوای پەروەردگاری لە بیربێت ئەو كەسە لە ناو مەلائیكەتە بەڕێزەكان باس دەكرێت وپاداشتێكی زۆری بۆ ئامادە دەكرێت وخوای پەروەردگاریش لێی خۆش دەبێت هەر وەكو فەرموویەتی: ﴿وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا﴾ [الأحزاب:٣٥]، واتە: ئەو كەسانەی كەوا زۆر زیكری خوا دەكەن لە پیاوان وئافرەتان خوای پەروەردگار لێتان خۆش دەبێت وپاداشتێكی گەورەی بۆ ئامادەكردووە، جا لەو كێ كەسە بەختەوەرتر وسەربەرز وسەرفرازتر هەیە خوای پەروەردگار لێی خۆش بێت.

ئەگەر تەماشای ئەم ئایەتە پیرۆزە بكەین دەبینین خوای پەروەردگار باسی ئەو كەسانە دەكات كەوا زیكری خوا زۆر دەكەن چونكە مونافیقەكانیش زیكری خوا دەكەن بەڵام بەكەمی هەر وەكو خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿وَلَا يَذْكُرُونَ اللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا﴾ [النساء:١٤٢]، بەڕاستی زۆربەمان لە مونایقەكانەوە نزیكین خوا پەنامان بدات، چونكە زۆر بەكەمی زیكری خوا دەكەین مەگەر كەسێك خوای پەروەردگار ڕەحمی پێ كردبێت.

هەروەها ئەبو هورەیرە ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ دەفەرموویت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: « إنَّ لِلَّهِ مَلَائِكَةً يَطُوفُونَ فِي الطُّرُقِ يَلْتَمِسُونَ أَهْلَ الذِّكْرِ فَإِذَا

وَجدُوا قَوْمًا يَذْكُرُونَ اللَّهَ تَنَادَوْا هَلُمُّوا إِلَى حَاجَتِكُمْ قَالَ فَيَحُفُّونَهُمْ بِأَجْنِحَتِهِمْ إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا قَالَ فَيَسْأَلُهُمْ رَبُّهُمْ وَهُوَ أَعْلَمُ مِنْهُمْ مَا يَقُولُ عِبَادِي قَالُوا يَقُولُونَ يُسَبِّحُونَكَ وَيُكَبِّرُونَكَ وَيَحْمَدُونَكَ وَيُمَجِّدُونَكَ قَالَ فَيَقُولُ هَلْ رَأَوْنِي قَالَ فَيَقُولُونَ لَا وَاللَّهِ مَا رَأَوْكَ قَالَ فَيَقُولُ وَكَيْفَ لَوْ رَأَوْنِي قَالَ يَقُولُونَ لَوْ رَأَوْكَ كَانُوا أَشَدَّ لَكَ عِبَادَةً وَأَشَدَّ لَكَ تَمْجِيدًا وَتَحْمِيدًا وَأَكْثَرَ لَكَ تَسْبِيحًا قَالَ يَقُولُ فَمَا يَسْأَلُونِي قَالَ يَسْأَلُونَكَ الْجَنَّةَ قَالَ يَقُولُ وَهَلْ رَأَوْهَا قَالَ يَقُولُونَ لَا وَاللَّهِ يَا رَبِّ مَا رَأَوْهَا قَالَ يَقُولُ فَكَيْفَ لَوْ أَنَّهُمْ رَأَوْهَا قَالَ يَقُولُونَ لَوْ أَنَّهُمْ رَأَوْهَا كَانُوا أَشَدَّ عَلَيْهَا حِرْصًا وَأَشَدَّ لَهَا طَلَبًا وَأَعْظَمَ فِيهَا رَغْبَةً قَالَ فَمِمَّ يَتَعَوَّذُونَ قَالَ يَقُولُونَ مِنْ النَّارِ قَالَ يَقُولُ وَهَلْ رَأَوْهَا قَالَ يَقُولُونَ لَا وَاللَّهِ يَا رَبِّ مَا رَأَوْهَا قَالَ يَقُولُ فَكَيْفَ لَوْ رَأَوْهَا قَالَ يَقُولُونَ لَوْ رَأَوْهَا كَانُوا أَشَدَّ مِنْهَا فِرَارًا وَأَشَدَّ لَهَا مَخَافَةً قَالَ فَيَقُولُ فَأُشْهِدُكُمْ أَنِّي قَدْ غَفَرْتُ لَهُمْ قَالَ يَقُولُ مَلَكٌ مِنْ الْمَلَائِكَةِ فِيهِمْ فُلَانٌ لَيْسَ مِنْهُمْ إِنَّمَا جَاءَ لِحَاجَةٍ قَالَ هُمْ الْجُلَسَاءُ لَا يَشْقَى بِهِمْ جَلِيسُهُمْ»[١] ، واتە: خوای پەروەردگار کۆمەڵێك مەلائیکەی داناوە کەوا ئیش وکاریان ئەوەیە بەڕێگا وشوێنەکان دەگەڕێن بەدوای ئەو مەجلسانەی کەوا باسی خوا وزیکری خوای تێدا دەکرێت (زیکری خوا تەنها ووتنی سبحان الله الحمدلله ... هتد نییە بەڵکو هەموو ووتار وباسکردنی توانا ودەسەڵاتی خوای پەروەردگار زیکری خوایە وباسکردنی بەهەشت ودۆزەخ وباسکردنی خوا ناسی وخوا پەرستی وباسکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام وئەوەی لە قورئان وسوونەتدا بێت ئەوە زیکری خوایە) ئەم

---

[١] - رواه البخاري.

مەلائیکەتانە خوای پەروەردگار ئەوەی پێ ڕاسپاردوون کە لـە هـەر شـوێنێکدا یـاد وزیکری خوایان کرد، هەر کۆمەڵێکیان بینی باسی زیکری خـوا دەکـەن وباسی دەسەلات وگەورەیی خوایان دەکرد مەلائیکەتەکان بانگی یەکتر دەکەن ودەڵێن: وەرن ئەمە مەجلسی زیکرە، بەڵام ئێمە ئاگامان لێیان نییە ونایانبینین.

هەر بۆیە کاتێك باسی بەهەشت ودۆزەخ حەڵاڵ وحەرام ودەسەڵات وگەورەیی خوای پەروەردگار دەکەین، مەلائیکەتەکان دێن وبەباڵەکانیان سێبەر بەسەر ئەو مەجلسە دەکەن لەو شوێنەوە لەسەر زەوی کە باسی خوای پەروەردگار دەکەیت هەتاوەکو ئاسمان ودەڵێن ئەمە ئەو شوێنەیەکە ئێمە مەبەستمانە وبۆی هاتووین، بەڵام بەداخەوە زۆرێك لە ئێمە لە مزگەوت بێت یان لە هەر شوێنێکی تر کە ووتارێك دەدرێت هەڵدەسین وئەو مەجلسە بەجێ دەهێڵین بەهۆی ئیش وکاری دونیاوە کە بەڕاستی ئەگەر ئاگامان لە خۆمان نەبێت ئیشی دونیا تەواو نابێت، ئەوە لە کوێ باسی زیکری خوا وقورئان وسوننەت وبەهەشت ودۆزەخ بکرێت ولە کوێ تەماشای فلیم وهەواڵەکان بکرێت؟!!!

پاشان کاتێك ئەو مەجلسی زیکرە تەواو دەبێت مەلائیکەتەکان دەگەڕێنەوە وخوای پەروەردگار پرسیار دەکات کە بەندەکانم باسی چیان دەکرد؟ خوای پەروەردگار خۆی زاناترە بەهەموو شتێك دەزانێت بەندەکانی باسی چی دەکەن، مەلائیکەتەکان دەڵێن: سوپاس وستایشی تۆیان دەکرد، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ئەم بەندانەم داوای چیان دەکرد؟ مەئیکەتەکان دەڵێن: داوای بەهەشت دەکەن، خوای پەروەردگار

دەفەرموویت: ئایا ئەمانە بەهەشتیان بینیووە، دەڵێن: نا واللەی بەهەشتیان نەبینیووە، خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ئەی ئەگەر بەهەشتیان ببینایە چیان دەکرد؟ دەڵێن: ئەگەر بیابینایە ئەوا زیاتر سوور دەبوون وهەوڵیان بۆ دەدا وداوایان دەکرد، خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ئەی پەنایان لە چی دەگرد؟ دەڵێن: پەنایان لە دۆزەخ دەگرد، خوای پەروەرردگار دەفەرموویت: ئایا دۆزەخیان بینیووە؟ دەڵێن: نا واللەی دۆزەخیان نەبینیووە، خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ئەی ئەگەر بیانبینایە چیان دەکرد، دەڵێن: ئەوا زیاتر خۆیان لێی دەپاراست، خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ئێوە دەکەم بەشاهید کەوا من لێیان خۆش دەبم.

زۆر بەداخەوە زۆرێك لە موسڵمانان ئەگەر کەسێك باسی بەهەشت ودۆزەخ بکات لە چەندەها شوێن غەیبەتی بۆ دەکەن کە فلان کەس هەر باسی بەهەشت ودۆزەخ دەکات بەڵام ئەمە پاداشتی ئەو کەسانەیە کەوا باسی بەهەشت ودۆزەخ وخوا ناسی وخوا پەرستی بکەن چونکە ناسی خوای عەقیدە وئیمانە یەکێکە لە ڕوکنەکانی ئیمان شارەزا بوون وباسی بەهەشت ودۆزەخ ڕوکنێکە لە ڕوکنەکانی بیروباوەڕ، هەندێك لە موسڵمانان دەڵێین نارۆین بۆ لای فلان کەس هەر باسی دۆزەخ دەکات ودەمانترسێنێ، ئەمەش نەزانینە ئەگەر ئێمە دۆزەخ نەناسین ئەی چۆن خۆمان لێی بپارێزین، بەڕاستی گەورەترین زەرەر وزیانە ئەگەر لەو مەجلسانە نەبین کە خوای پەروەردگار مەلائیکەتەکان دەکات بەشاهید بۆ لێ خۆش بوونیان.

هەروەها پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویێت: « ما جلس قوم يذكرون الله عز وجل إلا ناداهم مناد من السماء : قوموا مغفورا لكم قد بدلت سيئاتكم حسنات»[1]، واتە: هەر کۆمەڵێك دابنیشن وزیکر ویادی خوایان کرد وباسی گەورەیی ودەسەڵاتی خوایان کرد ئەوا بانگدەرێك لە ئاسمانەوە بانگیان دەکات کە خوای پەروەردگارە ودەفەرموویێت: دەی هەستن خوا لێتان خۆش بووە وخراپەکانتان گۆڕا بەچاکە، کەواتە با هەموومان هەوڵ بدەین مەجلسەکانمان باسی یاد وزیکری خوا بێت نەوەکو غەیبەت کردنی موسڵمانان کە بووە بەپیشەی مەجلسەکانمان.

ئیمامی موسلیمی خەوەلانی ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ پیاوێکی زۆر بەتەقوا وخوا ناس بوو ئەوەندە زیکری خوای دەکرد تاوەکو ڕۆژێك پیاوێك بینیی کەوا زیکری خوا زۆر دەکات، بەبرادەرەکانی ووت: ئەو پیاوە شێت بووە، ئیمامی موسلیم کاتێك گوێی لەم پیاوە بوو فەرمووی: ئەی براکەم ئەمەی من دەیکەم شێتی نییە بەڵکو دەرمانی شێتییە، کەواتە هەر کەسێك خوا نەناسێت وزیکری خوا نەکات ئەوە عەقڵی لە دەستداوە هەر وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموویێت: ﴿وَقَالُوا لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِي أَصْحَابِ السَّعِيرِ﴾ [الملك: ١٠]، هەر بۆیە ئیمامی ئەلبانی ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ دەفەرموویێت: ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەر کەسێك بچێتە دۆزەخەوە ئەوا عەقڵی نییە، بەڵام دەبێ ئاگاداری ئەوە ببین کەوا هەندێك کەس کاتێك عەقڵ لە دەست دەدەن خەڵکانێك پێیان دەڵێن: ئەو کەسانە

[1] - المعجم الأوسط، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة.

ئەوەندە قورئانی خوێندووە وئەوەنـدە زیکـری خـوای کـردووە شـێت بوونـە ئەمـەش قسەیەکی زۆر خراپ ونابەجێیە چونکە کەس نەبووە ئەوەندەی پێغەمبەرانی خـوا ـ علیە الصلاة والسـلام ـ وهاوەڵانی پێغەمبەری خواﷺ وپیاو چاکان وزانایانی پـێش ئێمە زیکری خوا بکەن وهیچ کەسێك لەوان شێت نەبووە چ جـای کەسـانێکی وەکـو ئێمە کەوا زیکری خوا زۆر بەکەمی دەکەین؟!!!

## ووتنی (سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ)

پێغەمبەر خواﷺ دەفەرمووێت: «مَنْ قَالَ حِينَ يُصْبِحُ وَحِينَ يُمْسِي سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ مِائَةَ مَرَّةٍ لَمْ يَأْتِ أَحَدٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِأَفْضَلَ مِمَّا جَاءَ بِهِ إِلاَّ أَحَدٌ قَالَ مِثْلَ مَا قَالَ أَوْ زَادَ عَلَيْهِ»[١]، واتە: هەر کەسێك بەیانیان سەد جار وئێواران[٢] سەد جار بڵێـت: (سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ) پاك وپیرۆزی بێ کـەم وکـوڕی وسـوپاس وسـتایش بـۆ خـوای پەروەردگار، لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ کەسێك نییە بگـات بـەخوای پـەروەردگار لـەم باشتر بێت مەگەر کەسێك وەکو ئەمی ووتبێت یان زیاتری ووتبێـت، ڕۆژی قیامـەت ئەو ڕۆژەی کەوا هەموومان بەڕووتی وئەو ڕۆژەی کەوا لە دایك وبـاوك وخوشـك وبـرا ومنداڵی خۆت ڕادەکەیت بـەهۆی سـەختی وناخۆشـی ئـەو ڕۆژە کـەوا هـەر کەسـە

[١] - رواه مسلم.

[٢] - بەیانیان لە دوای نوێژی بەیانی تاوەکو خۆر کەوتن وئێواران لە دوای نوێژی عەسرەوە تاوەکو خۆر ئاوا بوونە.

ودەڵێت نەفسی نەفسی تەنها خۆم ڕزگارم بێت لە ناڕەحەتی، ئـەو ڕۆژەی كـەوا خـۆر زۆر نزیك دەبێتەو وهەر كەسە وبەپێی تاوانی خۆی ئارەت دەكـات وهەنـدێك كـەس تاوەكو قولە پێ وهەندێك كەس تاوەكو ئـەژنۆی وهەنـدێك نـوقم دەبـن لـە ئـارەقی خۆیان، ئەگەر كەسێك لە ئێمـە چـەند دلۆپێـك ئـارەق بكـات چـەند بـێ تاقـەت وناڕەحەت دەبین ئەی لەو ڕۆژەی كەوا خۆر زۆر نزیـك دەبێتـەوە؟ لـەو ڕۆژانـەدا هـیچ كەسێك فریامان ناكەوێت تـەنها كـار وكـردەوەی خۆمـان نـەبێت كـە لـە دونیـادا ئامادەمان كردووە بەئەنجامدانی ئەم زیكرانە.

بەڵام زۆرێك لە ئێمە بێ ئاگابووینە لەم زیكرانـە بـەهۆی سـەرقاڵیمان بـەماڵ ومنداڵ هەر وەكو خـوای پـەروەردگار دەفـەرموویێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُلْهِكُمْ أَمْـوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُـمْ عَـنْ ذِكْـرِ اللَّهِ وَمَـنْ يَفْعَـلْ ذَلِـكَ فَأُولَئِـكَ هُـمُ الْخَاسِـرُونَ﴾ [المنافقون:٩]، واتە: ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە باماڵ ومنـداڵ سـەرقاڵتان نەكات لە زیكری خوا ئەگەر بەو شـێوەیە بـبن ئـەوا لـە زەرەرمەنـدان دەبـن، بـەڵام كەسانێك هەیە بەم شێوەیە نییە هەر وەكو خوای پـەروەردگار دەفـەرموویێت: ﴿رِجَالٌ لَا تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلَا بَيْعٌ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ يَخَافُونَ يَوْمًا تَتَقَلَّبُ فِيهِ الْقُلُوبُ وَالْأَبْصَارُ﴾ [النور:٣٧]، واتـە: كەسـانێك هەیـە نـەماڵ ونەمنـداڵ ونەتیجارەت ونەكار وكاسبی لە زیكری خوا بێئاگایان ناكات لە مزگـەوت ونوێـژی جەماعەت بێئاگایان ناكات لەو ڕۆژەی كەوا ئەوەندە سەختە چاوەكانیان ودڵەكانیان هەڵدەگەڕێن، بەڵام بەداخەوە كەسانێكی زۆر دەبینین كاتێك بانگ دەدات دڵی نایەت

دوکانەکەی بەجێبهێڵێت وبێت بۆ مزگەوت، ئیمامی عەمری کوڕی دینار ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ دەفەرموویێت: لەگەڵ سالمی کوڕی عەبدوڵای کوڕی ئیمامی عومەر ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ بووم بەناو بازاڕدا ڕۆشتین کە کاتی نوێژ بوو تەماشامان کرد خەڵکی ڕۆشتوون بۆ مزگەوت وشتەکانیان بەجێهێشتبوون ئەم ئایەتی خوێندەوە: ﴿رِجَالٌ لَا تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلَا بَيْعٌ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ يَخَافُونَ يَوْمًا تَتَقَلَّبُ فِيهِ الْقُلُوبُ وَالْأَبْصَارُ﴾ دەڵێ: ئەم کەسانەن کە خوای پەروەردگار باسیانی کردووە ئەم کەسانە بەهۆی ئیشی دونیاوە بێئاگا نابن لە زیکری خوا ونوێژی جەماعەت، کەواتە با ئێمەش لە خوا بترسین ونوێژەکانمان لە مزگەوت ئەنجام بدەین چونکە هەر نوێژێك بەجەماعەت خێری حەجێکی هەیە، لەبەر خاتری ماڵ ومنداڵ ودوکان خۆمان بێبەش نەکەین لەو هەموو پاداشتە لە ڕۆژی قیامەتدا خوای پەروەردگار دەفەرموویێت: لە کوێن دراوسێکانم؟ مەلائیکەتەکان دەڵێن: ئەی پەروەردگار کێ لە ئاستی ئەوەدایە ببێت بەدراوسێی تۆ، خوای پەروەردگار: دەفەرموویێت: کوان ئەو کەسانەی لە دونیادا مزگەوتەکانیان ئاوەدان دەکردەوە ئەوانە دراوسێی منن وشایستەی ڕێز وحورمەتی منن، کەواتە ئەگەر پێمان خۆشە لە قیامەتدا خوای پەروەردگار بانگمان بکات وبەدراوسێی خۆی ناومان بەرێت ئەوا با نوێژەکانمان لە مزگەوت بکەین.

خوای پەروەردگار دەفەرموویێت: ﴿أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾ [الرعد:٢٨]، واتە: بێگومان بەزیکری خوا دڵەکانمان ئارام دەبێتەوە، ئەگەر ئێمە پرسیارێك لە

خۆمان بکەین ئایا بۆچی دڵەکانمان هێمن وئارام نابێتەوە؟ وەڵامەکەشی ئەوەیە کە زیکری خوا زۆر بەکەمی دەکەین دڵەکانمان ئارامی تێدا نییە یاخود زۆر بەکەمی ئارام دەبێتەوە، ئەو دڵ ئارامی وخۆشی وبەختەوەرییەی لە لای هاوەڵانی پێغەمبەر خواﷺ وزانایان وپیاوچاکانی پێش ئێمە هەبوو لای ئێمە بەدی ناکرێت چونکە ئەوان زیکری خوایان زۆر دەکرد وئێمە زیکری خوا کەم دەکەین، ئەوان خوایان بەباشی دەناسی وئێمە شەرم لە خوا ناکەین تاوانی زۆر ئەنجام دەدەین وبێ ئاگاین لە زیکری خوا، ئەگەر بەبەردەوامی خوامان لە یادبێت خۆمان بەکەم دەزانین، ئەگەر لە مانای (اللَّهُ أَكْبَرُ) تێبگەین خۆمان دەپارێزین لە تەکەبور وخۆبەزلزانین، ئەگەر ئێمە زیکری خوا بکەین ئەوا خوای پەروەردگار بەهۆی ئەو زیکرانەوە بەرزمان دەکاتەوە هەر وەکو پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: « إِنَّ اللَّهَ يَرْفَعُ بِهَذَا الْكِتَابِ أَقْوَامًا وَيَضَعُ بِهِ آخَرِينَ»[١]، واتە: خوای پەروەردگار بەهۆی قورئانی پیرۆزەوە کۆمەڵێك کەس بەرز دەکاتەوە وهەندێك کەس نزم وسەرشۆڕ دەکات بەهۆی کارنەکردنیان بەفەرمان خوا وپێغەمبەر خواﷺ.

هەروەها پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: « ألا أنبئكم بخير أعمالكم وأزكاها عند مليككم وأرفعها في درجاتكم وخير من إنفاق الذهب والورق وخير لكم من أن تلقوا عدوكم فتضربوا أعناقهم ويضربوا أعناقكم، قالوا: بلى قال ذكر الله

---

[١] - رواه مسلم.

»[١]، واتە: ئایا هەواڵتان پێ بدەم کە باشترین کردەوە وپاك وخاوێن ترین کردەوە لای خوای پەروەردگار چییە؟ وکردەوەیەك کە بەرزتان بکاتەوە وباشتر بێت لە بەخشینی ئاڵتون وزیو وباشتر بێت بۆ ئێوە لە گۆڕەپانی جیهاد وتێکۆشاندان وبدەن لە ملی دوژمنانی خوا وئەوانیش بدەن لە ملی ئێوە، هاوەڵان ووتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خواﷺ ئەو کردەوەیەمان پێ بڵێ بۆ ئەوەی ئەنجامی بدەین، پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: ئەو کردەوەیە زیکری خوایە.

کەواتە باشترین کردەوە زیکری خوایە وباشترین وپاکترین کردەوەیە کە بەرزت دەکاتەوە لای خوای پەروەردگار باشتر بێت لە بەخشینی ماڵ وسامان وپارە وپول وەکو ئەوە وایە لە جیهاد وتێکۆشادا ببیت، جیهاد وتێکۆشانێك کەوا مل پەڕاندنی تێدا بێت، هەروەها پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: چۆن ئێوە لە دونیادا تەماشای ئەستێرەکانی ئاسمان دەکەن کۆمەڵێك کەس هەیە لە بەهەشتدا بەو شێوەیە لەسەروی ئێوەدان کە خوای پەروەردگار پلە وپایەی بەرز کردۆتەوە.

عەبدوڵای کوڕی موبارەك ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ کاتێك پیاوێکی ڕەش پێستی بینی دەستی بەگریان کرد وبەپەشۆکاوی ڕۆشتە خزمەت فوزەیل ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ فوزەیل فەرمووی: بۆچی ڕەنگت تێکچووە وپەشۆکاوی، ووتی: ئەی ئیمامی فوزەیل کۆمەڵێك کەس هەیە پێش ئێمە کەوتوون وبوونەتە خۆشەویستی

---

[١] - رواه الترمذي، وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب.

خوا وئێمە لەو کاروانە بەجێ ماوین، بەڕاستی دڵەکانی ئێمە ئەوەندە ڕەق بووە هەوڵ نادەین موونافەسەی خەڵکی بکەین بۆ کاری چاکە وبڵێین فلاّن کەس بۆچی ئەوندە چاکە ولە خوا ترسە ئەوەندە عیبادەتی خوا دەکات وبامنیش وەکو ئەو عیبادەتی خوا زۆر بکەم نوێژەکانم لە مزگەوت بەجەماعەت ئەنجام بدەم ورۆژانە هەندێك لە قورئانی پیرۆز بخوێنمەوە بەلاّم زۆر موونافەسە دەکەین بۆ ماڵی دونیا وهەوڵ دەدەین ئەوەی کەوا خەڵکی بەدەستی هێناوە ئێمەش بەدەستی بهێنین!!

ئەو کەسانەی کەوا زیکری خوا زۆر دەکەن خوای پەروەردگاریش ڕێزێکی زۆریان بۆ دادەنێت بەشێوەیەك دوعا وپاڕانەوەکانیان ڕەت ناکاتەوە وقەبوڵی دەکات هەر وەکو پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: «ثلاثة لا يرد الله دعاءهم : الذاكر الله كثيرا ودعوة المظلوم والإمام المقسط»[١]، واتە: سێ کەس هەیە خوای پەروەردگار دوعایان قەبوڵ دەکات وڕەتی ناکاتەوە بەردەوام دوعاکانیان قەبوڵە ئەویش یەکێك لەو کەسە ئەو کەسانەن کەوا زیکری خوا زۆر دەکەن خوایان لە بیرە، ئەمەش پاداشتی زیکری خوایە کەوا دوعا وپاڕانەوەکانت ڕەت ناکاتەوە وقەبوڵی دەکات، هەروەها پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: پێغەمبەر یەحیا ـ عليه الصلاة والسلام ـ بەگەلەکەی خۆی فەرمووی: «آمركم بذكر الله كثيرا ومثل ذلك كمثل رجل طلبه العدو سراعا في أثره حتى أتى حصنا حصينا»[٢]، واتە: فەرمانتان پێ دەکەم

---

[١] - السلسلة الصحيحة.

[٢] - رواه ابن خزيمة، وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب.

بەزیکری خوا چونکە نموونەی ئەو کەسەی کەوا زیکری خوا دەکات وەکو پیاوێك وایە ڕابکات ودوژمنەکەی بەخێرایی بەدوای بکەوێت وئەمیش بەپەلە بڕواتە ناو قەڵایەکی بەهێزەوە ئەو کاتە دوژمنەکەی نەتوانێت پێی بوێرێت وبەوویستی خوای پەروەردگار خۆی دەپارێزێت لەو دوژمنە، جاران قەڵا زۆر بەکاردەهێنرا بۆ پارێزگاری کردن، کەواتە زیکری خوا قەڵا وقەڵغانە بەرامبەر بەشەیتان پێی دەوەستین بەڵام ئەگەر زیکری خوا نەکەین ئەوا ئەو قەڵایەمان نابێت وشەیتان بەئارەزووی خۆی یاریمان پێ دەکات وفەرمانمان پێ دەکات بۆ کاری خراپە وتاوان، بەڕاستی لەبەر ئەوەی زیکری خوا ناکەین ئەو قەڵایەمان بۆ خۆمان درووست نەکردووە، ئەگەر دەمانەوێت قەڵا وقەڵغانێکمان بەدەستەوە بێت وبەرەنگاری شەیتان ببینەوە ئەوا زیکری خوا زۆر بکەین.

## ووتنی (سُبْحَانَ اللَّهِ، و الْحَمْدُ لِلَّهِ، وَاللَّهُ أَكْبَرُ)

پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: « خَصْلَتَانِ أَوْ خَلَّتَانِ لاَ يُحَافِظُ عَلَيْهِمَا عَبْدٌ مُسْلِمٌ إِلاَّ دَخَلَ الْجَنَّةَ هُمَا يَسِيرٌ وَمَنْ يَعْمَلُ بِهِمَا قَلِيلٌ يُسَبِّحُ فِى دُبُرِ كُلِّ صَلاَةٍ عَشْرًا وَيَحْمَدُ عَشْرًا وَيُكَبِّرُ عَشْرًا فَذَلِكَ خَمْسُونَ وَمِائَةٌ بِاللِّسَانِ وَأَلْفٌ وَخَمْسُمِائَةٍ فِى الْمِيزَانِ وَيُكَبِّرُ أَرْبَعًا وَثَلاَثِينَ إِذَا أَخَذَ مَضْجَعَهُ وَيَحْمَدُ ثَلاَثًا وَثَلاَثِينَ وَيُسَبِّحُ ثَلاَثًا وَثَلاَثِينَ فَذَلِكَ مِائَةٌ بِاللِّسَانِ وَأَلْفٌ فِى الْمِيزَانِ»[١]، واتە: دوو سیفەت هەیە هەر کەسێك پارێزگاری لێ بکات خوای پەروەردگار دەیخاتە بەهەشتەوە، واتە: بەبەردەوامی ئەنجامی بدات نەوەکو ڕۆژێك بیکات وڕۆژێك نەیکات، ئیمامی موبارەك ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ دەفەرموویت: ئەمە مژدەیەکی زۆر خۆشە تێدایە بۆ مووسڵمان هەر کەسێك زیکری خوا بکات کۆتاییەکەی بەخێر دەچێت، پاشان پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: ئەم کردەوانە کەم وئاسانن بەڵام ئەوانەی کردەوەی پێدەکەن وبەردەوام دەبن لەسەری زۆر کەمن، واتە کەم کەس دەتوانێ بەردەوام بێت لەسەر ئەوانیش لە دوای نوێژە فەرزەکان (١٠) جار بڵێی (سُبْحَانَ اللَّهِ) جار و(١٠) جار بڵێی (الْحَمْدُ لِلَّهِ) و(١٠) بڵێی (اللَّهُ أَكْبَرُ) کە دەکاتە (١٥٠) زیکر لەسەر زمان، چونکە لە ڕۆژێکدا (٥) نوێژی فەرزمان هەیە لە دوای هەموو نوێژێك (٣٠) جار ئەم زیکرانە دەخوێنی و(٥×٣٠=١٥٠) بەڵام ئەم (١٥٠) زیکرە کە کردووتە (١٥٠٠) خێر وپاداشتت بۆ دەنووسرێت وهۆکارێکیشە بۆ چوونە بەهەشت،

---

[١] - رواه أبو داود، وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب.

پاشان پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: کاتێك ڕۆشتیتە سەر جێگاکەت بۆ خەوتن (٣٣) جار بڵێی (سُبْحَانَ اللَّهِ) جار و(٣٣) جار بڵێی (الْحَمْدُ لِلَّهِ) و(٣٤) بڵێی (اللَّهُ أَكْبَرُ) کە دەکاتە (١٠٠) زیکر لەسەر زمان بەڵام لە تەرازووی عەدالەتی ڕۆژی قیامەتدا دەکاتە (١٠٠٠) خێر وپاداشت.

هەروەها پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: « مَنْ سَبَّحَ اللَّهَ فِي دُبُرِ كُلِّ صَلاَةٍ ثَلاَثًا وَثَلاَثِينَ وَحَمِدَ اللَّهَ ثَلاَثًا وَثَلاَثِينَ وَكَبَّرَ اللَّهَ ثَلاَثًا وَثَلاَثِينَ فَتِلْكَ تِسْعَةٌ وَتِسْعُونَ وَقَالَ تَمَامَ الْمِائَةِ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ غُفِرَتْ خَطَايَاهُ وَإِنْ كَانَتْ مِثْلَ زَبَدِ الْبَحْرِ»[١]، واتە: هەر کەسێك لە دوای نوێژە فەرزەکان (٣٣) جار بڵێت (سُبْحَانَ اللَّهِ) و(٣٣) جار بڵێت (الْحَمْدُ لِلَّهِ) و(٣٣) بڵێت (اللَّهُ أَكْبَرُ) کە دەکاتە نەوەدنۆ جار پاشان سەدەهەم تەواو بکات بەووتنی: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) ئەوا خوای پەروەردگار لە تاوانەکانی خۆش دەبێت ئەگەر وەکو کەفی دەریاش بێت، بەڕاستی زیکری خوا خێر وپاداشتێکی گەورەی هەیە هەر وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ [الجمعة: ١٠]، واتە: ئەی ئیمانداران زیکر ویادی خوا زۆر بکەن بۆ ئەوەی سەرفەراز بن، زیکری خوا بەبەردەوامی بکەن چونکە ڕزگارتان دەکات وبەبەهەشتی بەرین شادتان دەکات، ڕزگارتان دەکات لە دۆزەخ وناڕەحەتییەکانی ڕۆژی قیامەت ولە سزای ناو قەبر،

---

[١] - رواه مسلم.

کەواتە زیکری خوا هۆکارێکە بۆ ڕزگار بوون لە هەموو ناخۆشیەکانی دونیا وقیامەت، ئەو کەسەی زیکری زۆر بکات بەردەوام دڵی خۆش وشادومانە بەڵام ئەو کەسەی زیکری خوا ناکات بەردەوام بێ تاقەتی وغەم وخەفەت دایگرتووە، بەختەوەری ئادەمیزاد لە ماڵ وسامان وسوڵتە ودەسەڵاتدا نییە بەڵکو بەختەوەری تەنها لەوەدایە کە خالقی خۆت بناست ولە یادی نەکەیت، ئەو کەسانەی زیکری خوا زۆر دەکەن بەدەوری عەرشەوە دەسوڕێنەوە هەر وەکو پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی: « إن مما تذكرون من جلال الله التسبيح والتهليل والتحميد ينعطفن حول العرش لهن دوي كدوي النحل تذكر بصاحبها أما يحب أحدكم أن يكون له أو لا يزال له من يذكر به»[١]، واتە: ئێوە کاتێك زیکری خوا دەکەن (سُبْحَانَ اللَّهِ) دەکەن وگەورەیی بۆ خوای پەروەردگار دەردەبڕن ودەڵێن (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) هیچ خوایەك نییە بەحەق شایستەی پەرستن بێت ئیللا زاتی پیرۆزی (الله) نەبێت وکاتێك (الْحَمْدُ لِلَّهِ) سوپاس وستایشی خوای پەروەردگار دەکەن ئەمانەی هەمووی گەورەیی ودەسەڵاتی خوای پەروەردگار دەردەخات، ئەم زیکرانە بەدەوری عەرش دەسوڕێنەوە وهەر وەکو هەنگ چۆن دەنگی دێت، ئەو زیکرانەی ئێوە دەچێتە خزمەتی خوای پەروەردگار وبەدەوری عەرشەوە دەسوڕێتەوە وناوی خاوەنەکەی دەهێنێت، بەڕاستی ئەمە ڕزگار بوونە هەموومان پێمان خۆشە بەو شێوەیە ببین، ئێمە بۆیە ژیانمان پڕە لە ناخۆشی وبێ تاقەتی کە زۆرێك لە ئێمە لە ماڵ وسەروەت وسامان زۆری هەیە بەڵام بەردەوام

---

[١] - رواه ابن ماجه، وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب.

غەمبار ودڵ تەنگە هۆکارەکەشی ئەوەیە زیکری خوامان نەکردووە بەپیشەی خۆمان بۆ ئەوەی دڵەکانمان ئۆقرە بگرێت ﴿أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾.

## ووتنی (سُبْحَانَ اللَّهِ، و الْحَمْدُ لِلَّهِ، و لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، و اللَّهُ أَكْبَرُ) وکەسێك منداڵی بمرێت

پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: « بخ بخ لخمس ما أثقلهن في الميزان لا إله إلا الله وسبحان الله والحمد لله والله أكبر والولد الصالح يتوفى للمرء المسلم فيحتسبه»[1]، واتە: پێنچ شت هەیە زۆر قورسە لە تەرازووی عەدالەتی خوای پەروەردگار، ئەو تەرازووەی ئەوەندە گەورەیە ئەگەر حەوت تەبەقەی ئاسمان تێدا بکەیت جێگای دەبێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شتێکی گەورە وبچووك دەخوێنێتەوە، ئەویش ووتنی (سُبْحَانَ اللَّهِ، و الْحَمْدُ لِلَّهِ، و لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، و اللَّهُ أَكْبَرُ) کەسێکیش منداڵێکی بمرێت وئارام بگرێت وسوپاس وستایشی خوای پەروەردگار بکات بەتەمای پاداشتەکەی ببێت، بەڵام ئەم ئارام گرتنە دەبێت لە سەرەتای موصیبەتەکە بێت نەوەکو دوای چەند ڕۆژێك بڵێت سوپاس بۆ تۆ ئەی پەروەردگار خۆم ومنداڵەکەم مولکی خۆتە، ئەم کردەوانە لە تەرازووی خوای پەروەردگار لە ڕۆژی قیامەتدا زۆر قورس وسەنگینە، کەواتە زیکری خوا نیعمەتێکی

[1] - رواه النسائي والحاكم ، وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب.

گەورەی خوای پەروەردگارە بۆ ئێمە لە دونیا وقیامەتدا، لە دونیادا ئەو کەسەی کە زیکری خوا زۆر دەکات بەردەوام هەست بەدڵ خۆشی وئـارامی وبەختـەوەری دەکـات ولە قیامەتیشدا لە تـەرازووی عەدالـەتی خـوای پـەروەردگار پـڕ دەبێـت لـە خێـر وپاداشت، هەروەها مندالّی چاك یەکێکی ترە لە نیعمەتـەکانی خـوای پـەروەردگار، مندالّی چاك نیعمـەتی خـوای پـەروەردگارە بـۆ مووسـڵمان بـەڵام منـدالّی خـراپ موصیبەتە بۆ دونیا وقیامەت، بـەڵام ئـەمڕۆ کەوتینەتـە ڕۆژێکـەوە کـەوا پـڕە لـە موصیبەت وفیتنە وخراپەکاری هەر بۆیە پێغەمبەری خـواﷺ دەفـەرموویێت: «ما من عام إلا الذي بعده شر منه حتى تلقوا ربكم»[١]، واتە: هیچ ساڵێك نییە ئیللا لـە ساڵەکەی پێش خۆی خراپترە تاوەکو ڕۆژی قیامـەت دێـت، ئەگـەر تەماشـا بکـەین ئەوەی چوار پێنج ساڵ پێش ئێستا ناشـەرعی وعـەیب بـوو ئێسـتا بـووە بـەمۆدێل وپێشکەوتن، کۆمەڵە شتێکیش ئێستا عەیبەیە چەند ساڵێکی تر دەبێت بەمۆدێل.

ئەبو قیلابە ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ پیاو چاکێکی ئەم ئوممەتە بوو کـە هـەر دوو چاو ودەست وقاچی نەبوو وگوێی قورس بوو، مندالّێکی هەبوو خزمەتی دەکـرد ڕۆژێك ئەم مندالّەی دیاری نەما وبەپیاوێکی فەرموو بڕۆ بەدوای مندالّەکەم بگەڕێ بزانە چی بەسەر هاتووە؟ پیاوەکو دەڵێ: کە ڕۆشـتم بینـیم مندالّەکـەی دڕندەیـەك خواردوویەتی پاشان ڕۆشتمەوە ووتم: ئەی ئیمامی ئـەبو قیلابـە چیت لێ بشـارمەوە مندالّەکەتم بینی لە ناو هەندێك لمدا ودڕندەیەك خواردوویەتی خوای پەروەردگار خێر

---

١ - رواه الترمذي، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة.

وپاداشتێکی گەورەت بۆ بنووسێت وصەبر وئارامیت پـێ ببەخشـێت، ئـەبو قیلابـە فەرمووی: (الحمد لله الذي لم يجعل في قلبه خسرة من الدنيا) سوپاس وستایش بۆ تـۆ ئەی پەروەردگارم هیچ غەم وپەژارەیەك لە دڵمدا نەما بۆ دونیـا، پاشـان فـەرمووی: (الحمد لله الذي لم يخلق من ذرية خلقا يعصيه ويعذبه بالنار) سوپاس وستایش بۆ تـۆ ئەی پەروەردگارم کەوا هیچ وەچەیەکم نییە لە دونیا کەوا سەرپێچـی وتـاوان بکـات وسزای بدەیت بەئاگری دۆزەخ، ئەمە مووسڵمانە کەوا چەندێك غەم وپەژارەی هـەبووە بۆ قیامەتی منداڵەکەی خۆی بەڵام زۆرێك لە دایکان وباوکـان تـاوەکو نیـوەی شـەو تەماشای فلیم وگۆرانی دەکەن ئەبێ منداڵەکانمان چۆن دەربچێت!! ئەگەر تەماشـای خۆت بکەی بزانە لە ڕۆژێکدا چەندێك تەماشای فلـیم وبەرنامـەی تـر دەکـەی کـە حەرام ناشەرعین وچەندێك گوێ لە ووتار وچەندێك قورئان دەخوێنی چەند فەرموودە دەخوێنی وکردەوەی پێ دەکەی کە پێویستە لەسەرمان؟؟.

پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: «ما من ساعة تمر بابن آدم لم يكـن ذكـر الله فيها بخير إلا خسر عندها يوم القيامة»[١]، واتـە: هـیچ کـات وسـاتێك نییـە بەسـەر ئادەمیزادا تێبپەڕێت زیکری خوای تێدا نەکات لە ڕۆژی قیامەتدا دەبێت بەخەفـەت وبێتاقەتی بۆ خاوەنەکەی، ئەو کاتانەی کە لە دونیـادا بـەبێ زیکـری خـوا بـەڕێی دەکەین لە ڕۆژی قیامەتدا پەشیمان دەبینەوە بەڵام ئـەو شـوێنی پەشـیمان بوونـەوە نییە ودادمان نادات، ئێمە چەند سەعات وچەندین هەزار سەعات بەبێ زیکری خـوا

[١] رواه الطبراني في المعجم الأوسط، وقال الألباني (ضعيف).

دەبەینە سەر وچەندین سەعات تەماشی فلیم وگوێ لە گۆرانی دەگرین کە لـە ڕۆژی قیامەتدا ڕووبەڕووی کردەوەکانی خۆمان دەبینەوە ئەگەر تەوبە نەکەین وبەو شـێوازە بمرین، مردنێك کە کەس نازانێت لە چ کات وساتێك یەقەمان پێ دەگرێ؟!

## ووتنی (سُبْحَانَ اللَّهِ الْعَظِيمِ سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ)

پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێت: «كَلِمَتَانِ خَفِيفَتَانِ عَلَى اللِّسَانِ ثَقِيلَتَانِ فِي الْمِيزَانِ حَبِيبَتَانِ إِلَى الرَّحْمَنِ سُبْحَانَ اللَّهِ الْعَظِيمِ سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ»[1]، واتـە: دوو ووشە هەیە لەسەر زمان زۆر ئاسان بـەڵام لـە تـەرازووی پـڕ لـە عەدالـەتی خـوای پەروەردگار زۆر قورس وسەنگینە ولـە لای خـوای پـەروەردگاریش زۆر خۆشەویستـە ئەویش ووتنی (سُبْحَانَ اللَّهِ الْعَظِيمِ سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ).

## ووتنی: (رَضِيتُ بِاللَّهِ رَبًّا وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا وَبِمُحَمَّدٍ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَبِيًّا)

پێغەمبەری خـواﷺ دەفـەرموێت: «من قال إذا أصبح : رضيت بالله ربا وبالإسلام دينا وبمحمد نبيا فأنا الزعيم لآخذن بيده حتى أدخله الجنة »[2]، واتە: هـەر کەسێك بەیانی کردەوە بڵێت: «رَضِيتُ بِاللَّهِ رَبًّا وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا وَبِمُحَمَّدٍ صَلَّى اللَّهُ

---

[1] - رواه البخاري.

[2] - السلسلة الصحيحة.

عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَبِيًّا» ڕزایم بەوەی کـە (اللّه) پـەروەردگارم بێـت وئیسـلام ئـاییـنم بێـت وموحەممەدﷺ پێغەمبەرم بێت زەمانەتی ئەوەی دەکەم کـە دەسـتی دەگـرم تـاوەکو دەیخەمە ناو بەهەشتەوە، بەڵام ڕازی ببی کە تـەنها (اللّه) بپەرسـتیت وتـەنها داوای یارمەتی لەو بکەیت وتەنها لەو بپاڕێیتەوە کە منـداڵت نابـێ تـەنها داوای منـداڵ بوون لەو بکەیت نەوەکو بڕۆیتە سەر قەبرێك یان پەڕۆیەك بهێنیت بەئومێدی منداڵ بوون ئەگەر بەو شێوەیە بکەیت نیشانەی ئەوەیە ڕازی نیت کـە (اللّه) پـەروەردگارت بێت وڕازی بوون تەنها بەدەم نییە بەڵکو بەکردەوەشە، ڕازی ببـی بـەوەی کـە تـەنها ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەرنامەت بێت وهیچ بەرنامەیەکی تر وەکو بەرنامەی ئاییـنی ئیسلام بەباش دانـەنێیت، وڕازی ببـی بـەوە کـە موحەممـەدﷺ پێغەمبـەرت بێـت وسوننەتەکانی جێبەجێ بکەیت وقسەی کەس پـێش قسـەی ئـەو نەکـەیت وئەگـەر ووترا پێغەمبەری خواﷺ ئەو فەرمانەی کردووە نـەڵێت چـۆن وبۆچـی بەتـەواوەتی گوێڕایەڵی بکەیت.

## قورئان خوێندن

گەورەترین زیکرێك کە مووسڵمان بیکات قورئـان خوێندنـە چـونکە قورئـانی پیرۆز ووتەی پیرۆزی خوای پەروەردگارە، بەڵام قورئان خوێنـدن بـەجۆرێك کـە خـوای پەروەردگار داوای کردووە، بەڕاستی زۆربەی زۆری مووسڵمانان قورئانیان پشت گـوێ

خستووە وکردەوەی پێ ناکەین، ئایا خوای پەروەردگار قورئانی دابەزاندووە بۆ ئەوەی مووسڵمانان بیخەنە ناو پەڕۆیەکی سەوزەوە لە شوێنێکی بەرزەوە دایبنێن یان مووسڵمانان ماچی بکەن یان بەدیوارەکان هەڵواسن یان قورئان فرۆشەکان لە تەعزێکاندا بیخوێنن یان لە ژوور سەری منداڵ وئافرەتی زەیسانی دابنرێت؟؟؟ بێگومان نەخێر، ئەمە حیکمەت نییە لە دابەزاندنی قورئانی پیرۆز بەڵکو قورئانی پیرۆز بۆ ناو دڵ دابەزیوە هەر وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿بَلْ هُوَ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ فِي صُدُورِ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ﴾ [العنكبوت:٤٩]، واتە: قورئانی پیرۆز کۆمەڵێك ئایەتی ڕوون وئاشکرایە لە ناو دڵ وسنگی خاوەن عیلمەکاندایە، کەواتە ئەو کەسانە خاوەن عیلم وفوزڵن کەوا قورئانی پیرۆز لە ناو دڵەکاندایە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: «من قرأ حرفا من كتاب الله فله حسنة، والحسنة بعشر أمثالها لا أقول: ﴿الم﴾ حرف، ولكن: ألف حرفا، ولام حرفا، وميم حرفا»[١]، واتە: هەر کەسێك پیتێك لە قورئانی پیرۆز بخوێنێت، بەهەموو پیتێکی چاکەیەکی بۆ دەنووسرێت، چاکەی لای خوای پەروەردگار بە دە ئەوەندەی خۆیەتی وچەند جار دەکرێتەوە، ناڵێم: ﴿الم﴾ بەپیتێك دەژمێرێت، بەڵکو (ألف) بە تەنها پیتێکە و(لام) یش پیتێکە و(میم)یش پیتێکە، هەموومان دەزانین ئەمە خێر وپاداشتی قورئان خوێندنە بەڵام چەندمان کردەوەی پێ دەکەین وچەندمان لە ڕۆژێکدا دوو سێ جوزئی قورئان دەخوێنین ئەمە بۆ کەسێك خوێندەواری بێت بەڵام کەسێکیش

[١] - رواه الترمذي، وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب.

خوێنـدەواری نـەبێت دەتوانێـت سـێ جـار سـوڕەتی (الإخـلاص: قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ)[1] بخوێنێت خێر وپاداشتی خەتمەیەك قورئانی بۆ دەنووسرێت، هەر بۆیـە ئێمـە ئەوەنـدە ئیمانمـان لاوازە دڵـەكانمان ڕەق بـووە وبـەدوای شـوێنی نەفسـی خۆمـان دەكـەوین نەفیسیش بەرەو خراپە وتاوان دەڕوات هەر وەكو خـوای پـەروەردگار لەسـەر زمـانی پێغەمبەر یوسف ـ علیه الصلاة والسلام ـ دەفەرموویت: ﴿إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّي إِنَّ رَبِّي غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴾ [یوسف:٥٣]، بەڕاسـتی نەفسـەكان زۆر ئـەمر وفەرمان بەخراپە دەكەن ئیللا مەگەر كەسێك خوای پەروەردگار ڕەحمی پێ كردبێت.

هەروەها پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: «يجيء صاحب القرآن يوم القيامـة فيقول القـرآن يـا رب حلـه فيلـبس تـاج الكرامـة ثـم يقـول يـا رب زده فيلـبس حلة الكرامة ثم يقول يا رب ارض عنه فيرضى عنـه»[2]، واتە: ئەو كەسـەی كـە قورئـانی لەبەركردووە وقورئانی زۆر خوێندووە (صاحب القرآن: بەپلەی یەكەم ئەو كەسەیە كە قورئانی لەبەركردووە وبەپلەی دووەم ئەو كەسەیە كە زۆر قورئان دەخوێنێت) كە لـە ڕۆژی قیامەت دێت قورئانی پیرۆز دەفەرموویت: ئەی خوای پەروەردگار جـل وبـەرگ وتاجی ڕیز وحورمەتی پێ ببەخشە خـوای پـەروەردگاریش پـێی دەبەخشـێت پاشـان

[1] - ئەو فەرموودەیەی كەوا لەسەر خێر وپاداشتی خوێندنی سورەتی (الإخلاص) هاتووە تایبەت نییە تـەنها بـۆ كەسانی نەخوێندەوار بەڵكو كەسانی خوێندەواریش بەهەمان شێوە خێر وپاداشتیان بۆ دەنووسرێت.

[2] - رواه الترمذي وابن خزيمة والحاكم، وحسنه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب.

قورئانی پیرۆز دەفەرموویت: ئەی پەروەردگار لەم بەندەی خۆت ڕازی ببە چونکە منی زۆر خوێندووە لە دونیا خوای پەروەردگاریش لێی ڕازی دەبێت.

هەروەها پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: «الصِّيَامُ وَالْقُرآنُ يَشْفَعَانِ لِلْعَبْدِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَقولُ الصِّيَامُ أَيْ رَبِّ مَنَعْتُهُ الطَّعَامَ وَالشَّهوَاتِ بِالنَّهَارِ فَشَفِّعْنِي فِيهِ وَيَقُولُ الْقُرآنُ مَنَعْتُهُ النَّوْمَ بِاللَّيْلِ فَشَفِّعْنِي فِيهِ قَالَ فَيُشَفَّعَانِ»[١]، واتە: ڕۆژوو وقورئان لە ڕۆژی قیامەتدا شفاعەت بۆ بەندەکان دەکەن، ڕۆژوو دەفەرموویت: ئەی پەروەردگار ئەم بەندەیە خۆی لە خواردن وشەهوەت دەگردەوە بەڕۆژ بەڕۆژوو دەبوو من بکە بەشفاعەتکار وقورئان دەفەرموویت: ئەی پەروەردگار ئەم بەندەیە بەشەو زۆر قورئانی دەخوێندەوە من بکە بەشفاعەتکار خوای پەروەردگار شفاعەتیان وەردەگرێت، هەروەها پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: « اقْرَءُوا الْقُرآنَ فَإِنَّهُ يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ شَفِيعًا لأَصْحَابِهِ»[٢]، واتە: قورئان بخوێنن چونکە قورئان لە ڕۆژی قیامەتدا شفاعەتکارە بۆ خاوەنەکەی، هەر بۆیە قورئانی پیرۆز کاریگەری لەسەر دڵی پێغەمبەران وپیاوچاکانی پێش ئێمە هەبووە وداوایان کردووە کە ببێت بەهاری دڵیان هەر وەکو پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: «أَنْ تَجْعَلَ الْقُرآنَ رَبِيعَ قَلْبِي»[٣]، واتە: ئەی پەروەردگار قورئانی پیرۆز بکە بەبەهاری دڵم، ئەگەر تەماشا بکەین لە

---

[١] - رواه أحمد والطبراني في الكبير، وقال الألباني حسن صحيح في صحيح الترغيب والترهيب.

[٢] رواه مسلم.

[٣] - رواه أحمد، وحسنه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب.

بەهاردا زەوی خۆش دەبێت وسەر لە نوێ درختەکان زیندوو دەبنەوە بەمان شێوەش دڵەکانی ئێمە بژێنرێتەوە بەقورئانی پیرۆز، ئیمامی ئەبو هومام ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ دەفەرموویت: بەعیسای کوڕی وەردنم فەرموو: چ ئاواتێکت هەیە لە دونیادا بێتە دی؟ دەستی کرد بەگریان وفەرمووی: ئاواتی من لە دونیادا یەك شتە ئەویش خوای پەروەردگار کارێکی وای بکردایە سنگم شەق بکردایە ودڵم دەربکردایە وتەماشام بکردایە وبزانم قورئان چ کاریگەرییەکی لەسەر دروست کردووە، بزانم قورئان دڵی منی ژیاندووە یان دڵەکەم مردووە، پاشان ئیمامی ئەبو هومام فەرمووی: عیسای کوڕی وەردنم دەبینی کاتێك قورئانی دەخوێند زۆر جار بێهۆش دەکەوت بەشێوەیەك وامدەزانی گیانی دەردەچێت، بەڕاستی ئەوە کاریگەری قورئانە بەسەر پیاو چاکانەوە.

پێغەمبەری خواﷺ دەفەرمووێت: « وَالْقُرْآنُ حُجَّةٌ لَكَ أَوْ عَلَيْكَ»[١]، واتە: قورئان یان دەبێتە بەڵگە بەدەستەوە شفاعەت دەکات ولە دۆزەخ ڕزگارت دەکات یان هۆکارێکە بۆ ئەوەی بچیتە ناو ئاگری دۆزەخ، لەوانە کەسێك بڵێت: من نازانم قورئان بخوێنم چۆن ئەو پاداشتەم دەست بکەوێت؟ هەر کەسێك سێ جار سورەتی (الإخلاص: قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ) بخوێنێت ئەوا خێری خەتمەیەك قورئانی بۆ دەنووسرێت، یان منداڵەکەی بنێرێت بۆ شوێنێك فێری قورئان خوێندن بێت چونکە پێغەمبەری خواﷺ دەفەرمووێت: « من قرأ القرآن وتعلم وعمل بە ألبس والداە یوم القیامة

---

[١] - رواه مسلم.

تاجا من نور ضوؤه مثل ضوء الشمس ويكسى والداه حلتين لا يقوم لهما الدنيا فيقولان بم كسينا هذا فيقال بأخذ ولدكما القرآن»[1]، واتە: هەر کەسێك قورئان بخوێنێت وخەڵکی فێر بکات وکردەوەی پێ بکات خوای پەروەردگار لە ڕۆژی قیامەتدا تاجێکی نور دەخاتە سەر دایك وباوکی کە ڕووناکی ئەو تاجە وەکو ڕووناکی خۆر وایە وجل وبەرگێکیان لەبەر دەکات کە لە دونیا نرخەکەی گرانترە، دایك وباوکەکە پرسیار دەکەن ودەڵێن: بۆچی ئەوەندە ڕێزمان لێگیراوە پێیان دەووترێت: لەبەر ئەوەی منداڵەکەتان قورئانی زۆر خوێندووە.

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: « خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ»[2]، واتە: باشترینتان ئەو کەسەیە کە قورئان فێرببێت وکەسانی تریش فێربکات، هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: « وَمَا اجْتَمَعَ قَوْمٌ فِي بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِ اللَّهِ يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ وَيَتَدَارَسُونَهُ بَيْنَهُمْ إِلاَّ نَزَلَتْ عَلَيْهِمُ السَّكِينَةُ وَغَشِيَتْهُمُ الرَّحْمَةُ وَحَفَّتْهُمُ الْمَلاَئِكَةُ وَذَكَرَهُمُ اللَّهُ فِيمَنْ عِنْدَهُ»[3]، واتە: هەر کۆمەڵێك کۆببنەوە لەماڵێك لە ماڵەکانی خوا وقورئان بخوێننەوە وبەیەکتری بڵێنەوە، ئیللا ئارامییان بەسەردا دادەبەزێت، وڕەحمەت دایاندەپۆشێت، وفریشتەکان دەوریان دەدەن، وخوای پەروەردگاریش لای فریشتەکان باسیان دەکات، هەندێك کەس هەیە قورئان

[1] - رواه الحاكم، وقال الألباني حسن لغيره في صحيح الترغيب والترهيب.

[2] - رواه البخاري.

[3] - رواه مسلم.

خوێندن لەسەر زمانیان قورسە بۆیە هەندێك جار قورئان ناخوێنن بەڵام ئەگەر بەردەوام بن ئەوا خێر وپاداشتی زۆری هەیە هەر وەكو پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: «الْمَاهِرُ بِالْقُرْآنِ مَعَ السَّفَرَةِ الْكِرَامِ الْبَرَرَةِ وَالَّذِى يَقْرَأُ الْقُرْآنَ وَيَتَتَعْتَعُ فِيهِ وَهُوَ عَلَيْهِ شَاقٌّ لَهُ أَجْرَانِ»[١]، واتە: ئەوەی قورئان بەدروستی وجوانی دەخوێنێتەوە ئەوە لەگەڵ فریشتە بەرێزەكانی خوادایە، ئەو فریشتانەی كە سەفیرن لە نێوان خوای پەروەردگار وبەندەكانی، وئەوەی قورئان دەخوێنێت ودەوەستێت وتیایدا وقورسە لەسەر زمانی ئەو كەسە دوو پاداشتی هەیە.

## خوێندنی سورەتی (الإخلاص)

سوپاس بۆ خوای پەروەردگار هەموومان بەخوێندەوار ونەخوێندەوارەوە سورەتی (الإخلاص) دەزانین بیخوێنین، ئەم سورەتە چەندێك كورتە بەڵام خێر وپاداشتێكی زۆری هەیە هەر وەكو پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: «أيعجز أحدكم أن يقرأ في ليلة ثلث القرآن قالوا وكيف يقرأ ثلث القرآن قال قل هو الله أحد تعدل ثلث القرآن»[٢]، واتە: ئایا ناتوانن سێ یەكی قورئان بخوێنن، هاوەڵان ووتیان: چۆن سێ یەكی قورئان بخوێنن؟ پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ) بخوێنن

[١] - رواه مسلم.
[٢] - صحيح الترغيب والترهيب.

یەکسانە بەسێ یەکی قورئان، کەوتە ئەگەر کەسێك سێ جار (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ) بخوێنێ خێر وپاداشتی خەتمەیەك قورئانی بۆ دەنووسرێت، بەڕاستی کەسێك فەزڵ وگەورەیی ئەم سورەتە بزانێت وجێبەجێی نەکات ئەوا زەرەرمەند دەبێت چونکە کاتێکی زۆر کەمی دەوێت ئەگەر لە ناو ماڵ بیت یان لە ناو سەیارە یان بەڕێگەوە ببیت دەتوانیت چەند جار خەتمەی قورئان بکەی بەخوێندنی ئەم سورەتە.

## داوای لێخۆش بوون کردن

زیکرێك خوای پەروەردگار زۆر گرنگی پێداوە وپێغەمبەری خوا ﷺ وهاوەڵان وپیاو چاکانی پێش ئێمە گرنگی پێداوە بەڵام ئێمە پشت گوێمان خستووە، خوای پەروەردگار باسی کەسانی لە خواترس دەکات ودەفەرموویت: ﴿وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ [آل عمران: ١٣٥]، واتە: خواناسان وخۆپارێزەران ئەو کەسانەن هەر کاتێك خراپە وتاوانیان کرد وزوڵمیان لە نەفسی خۆیان کرد دڵەکانیان ڕادەچەڵەکێت وخوایان بیردەکەوێتەوە دەست بەجێ دەڵێن: ئەی پەروەردگار لێمان خۆش ببە، لێرەوە دەردەکەوێت هەر کەسێك تاوان بکات ئەوا زوڵمی لە نەفسی خۆی کردووە چونکە کەسێك بەهۆی تاوان وسەرپێچی بەرەوە دۆزەخ بڕوات ئەوا بێگومان زوڵمە لە نەفسی خۆت.

کەواتە کەسانی لە خوا ترس ئەو کەسانەن کەوا هەر تاوانێك بکەن دەست بەجێ خوایان بیردەکەوێتەوە وهەست خەفەت وغەمباری دەکەن وداوالێخۆش بوون دەکەن هەر وەکو پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویێت: «سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمْ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لَا ظِلَّ إِلَّا ظِلُّهُ الْإِمَامُ الْعَادِلُ وَشَابٌّ نَشَأَ فِي عِبَادَةِ رَبِّهِ وَرَجُلٌ قَلْبُهُ مُعَلَّقٌ فِي الْمَسَاجِدِ وَرَجُلَانِ تَحَابَّا فِي اللَّهِ اجْتَمَعَا عَلَيْهِ وَتَفَرَّقَا عَلَيْهِ وَرَجُلٌ طَلَبَتْهُ امْرَأَةٌ ذَاتُ مَنْصِبٍ وَجَمَالٍ فَقَالَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ وَرَجُلٌ تَصَدَّقَ أَخْفَى حَتَّى لَا تَعْلَمَ شِمَالُهُ مَا تُنْفِقُ يَمِينُهُ وَرَجُلٌ ذَكَرَ اللَّهَ خَالِيًا فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ»[١]، واتە: حەوت کۆمەڵ کەس هەیە لە ڕۆژی قیامەتدا لە ژێر سێبەری عەرشی خوان لەو ڕۆژەی هیچ سێبەرێك نییە جگە لەو سێبەرە، یەکەم: پاشا وئیمامێکی عادل ودادپەروەر، دووەم: گەنجێك کە گەنجێتی خۆی لە عیبادەتی خوای پەروەردگار تەواو بکات، سێیەم: کەسێك دڵی هۆگر وپەیوەست بێت بەمزگەوتەوە کە بەردەوام لە مزگەوت بێت وکاتێك لە مزگەوت دەردەچێت بیری لە لای ئەوە بێت کەی بگەڕێتەوە بۆ مزگەوت، چوارەم: دوو کەس یەکتریان لە پێناوی خوای پەروەردگار خۆش بوێت ویەکتر بینینیان وجیابوونەوەیان تەنها لە پێناوی خوا بێت، پێنجەم: پیاوێك ژنێك داوای لێ بکات کاری خراپەی لەگەڵ بکات بەلاّم ئەم بڵێت: من ئەو کارە ناکەم چونکە لە خوا دەترسم، شەشەم: کەسێك خێر وصەدەقە بکات بەنهێنی بەشێوەیەك بەدەستی ڕاستی ببەخشێت دەستی چەپی پێی نەزانێت، حەوتەم: کەسێك کاتێك لە شوێنێکی چۆڵدایە ویادی

---

[١] - رواه البخاري ومسلم.

خوا دەکات فرمێسك بەچاوەکانی بێتە خوارەوە، کەواتە یەکێك لەو کەسانە لە ژێر سێبەری عەرشی خوای پەروەردگارە ئەو کەسەیە کەوا یاد وزیکری خوا دەکات لە ترسی خوای پەروەردگار فرمێسك بەچاوەکانی دێتە خوارەوە.

کەواتە ئەوە گرنگە خوای پەروەردگارمان لە بیرنەچێت ئەگەر خوای پەروەردگار لە بیربکەین ئەوا ئێمەش لە ڕۆژی قیامەت لە بیردەکرێین هەر وەکو خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿فَالْيَوْمَ نَنْسَاهُمْ كَمَا نَسُوا لِقَاءَ يَوْمِهِمْ هَذَا﴾ [الأعراف:٥١]، واتە: ئێوە لە دونیادا خوای پەروەردگارتان لە بیرکرد ئەمڕۆ ئێوەش لە بیر دەکرێن، ئایا کاتێك ئێمە تاوانێك ئەنجام دەدەین دەست بەجێ تەوبە دەکەین، ئەبو بەکری صدیق ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ دەفەرمووێت: گوێم پێغەمبەری خواﷺ دەیفەرموو: «ما من رجل يذنب ذنبا ثم يقوم فيتطهر ثم يصلي ثم يستغفر الله إلا غفر الله له ثم قرأ هذه الآية ﴿وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾»[١]، واتە: هەر بەندەیەك تاوانێك بکات وپاشان هەستێت دەست نوێژ بگرێت ودوو ڕکعات نوێژ بکات وداوای لێخۆش بوون لە خوای پەروەردگار بکات ئیللا خوا پەروەردگار لێی خۆش دەبێت پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە، ئایا چەندێك لە ئێمە بەو شێوەیەمان کردووە، عەبدوڵای کوڕی عەمر ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ زۆر دەگریا پیاوێك لەگەڵی بوو زۆر سەرسام بوو بەگریانی، عەبدوڵا ووتی: سەرت

[١] - رواه الترمذي والنسائي، وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب.

سورِماوە بەگریانی من وتەماشای ئاسمانی کردوو ووتی: ئەو مانگە لە ترسی خوای پەروەردگار دەگری ئەی چۆن من نەگریم.

هەروەرها خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ﴾، واتە: لە شاخەکانەوە بەرد دەکەوێتە خوارەوە لە ترسی خوای پەروەردگار ئارام ناگرێ بەو بەرزایەوە، خۆشەویستان خوا وموتەقیەکان بەو شێوەن، پاشان خوای پەروەردگار فەرمووی: ﴿وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ﴾، واتە: غەیری خوای پەروەردگار هیچ کەسێك لە تاوان خۆش نابێت وتاوانی هیچ کەسێ داناپۆشێت، پاشان خوای پەروەردگار فەرمووی: ﴿وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾، واتە: ئەوان بەردەوام نابن لەسەر تاوان چونکە دەزانن ئەمە سەرەنجامی قیامەتێکی سەخت ودژوارە، هەر بۆیە کەسێك عیلم وزانیاری زیاتر بێت ئەوا زیاتر لە خوای پەروەردگار نزیك دەبێتەوە، هەر بۆیە زاناکان زیاتر لە خوای پەروەردگار دەترسن هەر وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ﴾ [فاطر:٢٨]، واتە: بەڕاستی زاناکان زیاتر لە خوای پەروەردگار دەترسن چونکە خوایان ناسیووە، پاشان خوای پەروەردگار فەرمووی: ﴿وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾، کەسانی موتەقی ولە خوا ترس ئەوانەن کەوا هەر سەرپێچیەك بکەن وتاوانێك ئەنجام بدەن دەست بەجێ بیریان دەکەوێتەوە کەوتوونەتە چ حاڵەتێکی ناخۆش ودژوارەوە وبەردەوام نابن لەسەر ئەو تاوانە چونکە بەردەوام بوون لەسەر تاوان سزایەکی سەختی هەیە هەر وەکو پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: «وَيْلٌ لِلْمُصِرِّينَ الَّذِينَ يُصِرُّونَ عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ

يَعْلَمُونَ»[1]، واتە: تیاچوون ودۆزەخ بۆ ئەو کەسانەی کەوا بەردەوامن لەسەر خراپە وتاوان ودەزانن ئەوە خراپەیە، ئەو ئافرەتانەی کەوا سفورن وخۆیان داناپۆشن لە خوای پەروەردگار بترسن وتەوبە بکەن چونکە تۆ نازانیت لە چ کاتێك مردن یەقەت دەگرێت ولەوانەیە لەکاتێکدا بێت سفوور ببیت؟؟!

دایکی ئیمانداران عائیشە ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ دەفەرموویت: کاتێك پێغەمبەری خواﷺ تووشی ئەو نەخۆشیە بوو کە وەفاتی کرد، دەستم گرت بەڵام نەخۆشیەکەی زۆر قورس وگران بوو ودەستی لە دەستم کردەوە وفەرمووی: « اللهم اغفر لي وألحقني بالرفيق الأعلى»[2]، واتە: ئەی پەروەردگار لێم خۆش ببە وبمگەیەنە بەو کەسانە کە پلەیان بەرزە، هەندێك کەس هەیە وادەزانن تەنها پێشینان لە خوا ترس بوون بەڵام کەسانی لە خوا ترس لە هەموو کات وشوێنێك هەیە کە خوای پەروەردگار خۆشیانی دەوێت: مووسڵمانێك بۆی باس کردم لە شاری کەرکوك گەنجێکی لە خوا ترس وڕوو لە خوا شەوێك خەوێکی بینیی ووتی: لە خەومدا بردمیان بۆ جێگایەك ووتیان دەڕۆین بۆ فلان شوێن لەوێ خوای پەروەردگار دەبینین، ڕۆشتم وهەڵیان گرتم وگوێم لە دەنگێك بوو لە دەشتێکی چۆڵدا ووتی: ئەی بەندەکەم تۆساڵێکی تر دەگەڕێیتەوە بۆ لای من، خۆی شارەزا بوو لە خەو پەرژێن بەڵام ڕۆشت بۆ لای مامۆستایەك ووتی: خەوێکی بەو شێوەیە بینیووە یان ئەوەتا دەڕۆم بۆ حەج

[1] - رواه أحمد، وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب.
[2] - السلسلة الصحيحة.

یان دەمـرم، سـاڵەکە نزیـك بوویـەوە وکـات ومـەوسمی حـەج نـەبوو هـات بـۆ لای مامۆستاکە وخواخافیزی لێکردوو ووتـی: مـن دەمـرم ودەگەڕێمـەوە بـۆ لای خـوای پەروەردگار، دەفەرموویێت: سوێند بەخوا ئەو شەوەی کە خەوەکەی تێدا بینی لەگـەڵ ئەو ڕۆژەی کە سەیارە لێی دا ووفاتی کرد یەك ساڵی ڕێك بـوو بـەبێ ڕۆژێکـی کـەم وڕۆژێکی زیاد.

عەبدوڵای کوڕی ئیمامی عومەر ـ خوایان لێ ڕازی بێت ـ دەفـەرموویێت: «إِنْ كُنَّا لَنَعُدُّ لِرَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي الْمَجْلِسِ يَقُولُ رَبِّ اغْفِرْ لِي وَتُبْ عَلَيَّ إِنَّكَ أَنْتَ التَّوَّابُ الْغَفُورُ مِائَةَ مَرَّةٍ»[1]، واتە: ئێمە لە هـەموو مەجلسـێکدا کـە لەگەڵ پێغەمبەری خواﷺ دادەنیشتین (١٠٠) جار دەیفەرموو «رَبِّ اغْفِرْ لِي وَتُبْ عَلَيَّ» ئەی پەروەردگار لێم خـۆش ببـە وتەوبـەم قـەبوڵ بکـە چـونکە تـۆ تەوبـەی بەندەکانت قەبوڵ دەکەیت، ئەمە کەسێك وادەڵێت کـە بـەڕێزترین ئـادەمیزادە ئـەی ئێمە پێویستە چەند جار بڵێین؟؟! عەبدوڵای کوڕی ئیمامی عومەر ـ خوایان لێ ڕازی بێت ـ دەفەرموویێت: کاتێك باوکم لێی درا وبریندار کرا لە سەرەمەرگدا بوو شیرمان پێدا شیرەکە لە ناو سگی دەرچوو چونکە برینەکەی زۆر سەخت بوو، ئیمامی عومەر فەرمووی: کوڕەکەم سـەرم بخـەرە سـەر خۆڵەکـە ومنـیش بەقسـەیم نـەکرد جـاری دووەمیش فـەرمووی: سـەرم بخـەرە سـەر خۆڵەکـە ومنـیش بەقسـەیم نـەکرد ووتم: لەوانەیە ئاگای لە خۆی نەبێت چونکە برینەکەی زۆر قورس بوو، بـۆ جـاری سـێیەم

---

[1] - رواه أحمد، والسلسلة الصحيحة.

فەرمووی: سەرم بخەرە سەر خۆڵەكە منیش سەریم خستە سەر خۆڵكە، ئیمامی عومەر قسەی دەكرد ودەگریا خۆڵەكەی ژێر خۆی كردبوو بەقوڕ بەڵام لێی تێنەگەشتم چی دەڵێت بۆیە گوێم نزیك كردەوە فەرمووی: تیاچوون بۆ خۆت ئەی عومەر كوڕی خەتاب ئەگەر خوای پەروەردگار لێت خۆش نەبێت وڕازی نەبێت، بەڕاستی ئەمانە كەسانی لە خوا ترس وموتەقین ئێمە تەنها شەرمەزاریمان بۆ دەمێنێتەوە، كەواتە با زیكری خوا بكەین وخوامان لە بیرنەچێت چونكە ئەگەر خوا لە بیربكەین ئەوا ئێمەش لە قیامەت لە بیر دەكرێین، هەر بۆیە كەسێك زیكری خوا زۆر بكات ئەوا جێگای بەهەشتە ونیعمەتی خوای پەروەردگار دەڕژێت بەسەریدا، جا سیفەتی كەسانی لە خوا ترس وموتەقی ئەوەیە ئەگەر تاوانی كرد دەست بەجێ تەوبە دەكات وبەردەوام نابێت لەسەری.

ئیمامی سەعیدی كوڕی عەبدولعەزیز ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ هەر كاتێك نوێژێكی جەماعەتی بفەوتایە دەستی دەكرد بەگریان چونكە دەیزانی شتێكی گەورەی لە دەست چووە، بەردەوام داوای لێخۆشبوونیان دەكرد لە خوای پەروەردگار بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: هەر كەسێك پێی خۆشە لە ڕۆژی قیامەتدا نامەی كردەوەكانی دڵخۆشی بكات با زۆر (أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ) بخاتە ناو نامەی كردەوەكانی، هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: «طوبى لمن وجد في صحيفته استغفارا كثيرا»[١]، واتە: خۆشبەختی وبەختەوەری بۆ ئەو كەسەی كە لە

[١] – رواه ابن ماجه، وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب.

ڕۆژی قیامەتدا لە ناو نامەی کردەوەکانی (أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ)ـی زۆری تێدایە، هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: « إِنَّهُ لَيُغَانُ عَلَى قَلْبِى وَإِنِّى لأَسْتَغْفِرُ اللَّهَ فِى الْيَوْمِ مِائَةَ مَرَّةٍ»[١]، واتە: جاری واهەیە بێئاگای دێت بەسەر دڵمدا چەند ساتێك زیکری خوا ناکەم بەهۆی هەندێك هۆکارەوە (١٠٠) جار دەڵێم: (أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ).

---

[١] - رواه مسلم.